www.kurdistannet.org
4-10-2006 21:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## خۆپیشاندان لە ڕۆژی 9-10 لە بەردەم دادگای شاری لاهای هۆڵەندە

لە ژێر درووشمی: هەموو هەوڵێك لە پێناو بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدی گەلی کورد

بڕیار وایە ڕۆژی 9-10-2006 پێداچوونەوەی دۆسیەی ئانرات بکرێت لە لایەن دادگای شاری لاهایەوە، هاوکات خولێکی نوێی دادگاییکردنی سەدامیش لەسەر دۆزی ئەنفال دەست پێدەکاتەوە، ئێمە بۆ پەیگریمان لەسەر داکۆکیکردن لە بە ژینۆسایدناسینی ئەنفال لە دادگایی هۆڵەندی و ڕەتکردنەوەی داواکانی پارێزەرانی ئانرات و پشتگیری لە ناساندنی ئەنفال وەك تاوانی ژینۆساید لە بەغدا، ڕۆژی 9-10 لەبەردەم هۆڵی دادگای شاری لاهای خۆپیشاندانێك ڕێك دەخەین، داواکارین لە هەموو لایەن و کۆڕو کۆمەڵ و کەسانی نیشتمان پەروەر و مرۆڤ دۆست ئەو ڕۆژە ئامادە بن، با هەموو پێکەوە بە خۆپیشاندانەکانمان داکۆکی لەو بڕیارە بکەین کە دادگای شاری لاهای دای لەسەر دۆزی ژینۆسایدی گەلی کورد، هەروەها جارێکی دیکە لەبەردەم ڕاگەیاندنی جیهانی داوا بکەینەوە ئەنفال ژینۆسایدە.

شوێن و کاتی خۆ پیشاندان
2006-10-09 دووشەممە
کاتژمێر 08:30 بەیانی
بەردەم کۆشکی داد لە شاری دینهاج (لاهای)
Justitie Gerechtshof
60 Prins Clauslaan

ناوەندی چاک - کۆمیتەی هۆڵەندە